پێشەوا هەورامانی: دوای پشووەکانی سەری ساڵ مامەڵەمان سەبارەت بە مووچە لەگەڵ بەغدا دەگۆڕێن



ئەمڕۆ (چوارشەممە 13ـی کانوونی یەکەمی 2013) پێشەوا هەورامانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، سەرکوەزیران مەسرور بارزانی لە سەرەتای کێبوونەوەی ئەمڕێی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی سێران کرد کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی 14 کەس و برینداربوونی ژمارەیەکی دیکە و سەرکوەزیران وڵای سەرەخۆشی، هاوکات هەڵوەستەی وردی لەبارەی ئەو بابەتەوە کرد و سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەکی ورد سەبارەت بە مەڵەتی باڵەخانەکان بکەن.

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها باسی لەوە کرد، یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی دیکەی کێبوونەوەی ئەمڕێی ئەنجوومەنی وەزیران تایبەت بووە بە بابەتی کارەبا، کە بۆ ئەو مەبەستەش وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتکی وردی لەبارەی ئەو بابەتەوە خستەڕوو.

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەموارکردنەوەی بڕگە و ماددەکانی یاسای بودجەی فیدڕاڵی بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە بودجەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ڕایگەیاند، ئەم بابەتە هێشتا نەچووەتە پەرلەمان تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەی لەسەر بکات، بەڵام بەگشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بودجە و بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ڕەنگە چی دیکە بەو شێوەیە مامەڵە نەکات و لە شوێنکدا ڕابوەستێت ئەگەر بزانێت نیازکی ڕژد بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نییە.

پشەوا هەورامانی سەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشا، سەرکۆماری زیران مەسرور بارزانی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا جەختی کردەوە نابێت هیچ سیستەمکی کارەبا جێبەجێ بکرێت ئەگەر بارگرانی بە سەر هاووڵاتیان.

ئاماژەی بەوەشکرد، سەرکۆماری زیران جەختی کردووەتەوە کە نابێت هیچ سیستەمك جێبەجێبکرێت فشار بەسەر هاووڵاتیان زیادبکات.

پشەوا هەورامانی باسی لەوەش کرد، بیار بوو شاندکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ چوارشەممە 13ی کانوونی یەکەمی 2023 سەردانی بەغدا بکات، بەڵام سەردانەکە ئەنجام نەدرا. تیشکی خستە سەر ئەوەش دوای پشووەکانی سەری ساڵ شاندی هەرێمی کوردستان بۆ جڕکی دیکە سەردانی بەغدا دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی. وتیشی، ئەم فشارەی لەسەر هاووڵاتیان و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە دروست کراوە، بەم شێوەیە بەردەوام نابێت، بەو مانایەی "حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان بەرامبەر بەو مامەڵەیەی بەغدا ئارامیان نەماوە" و ئێستا کاتی هاتووە کە ئارامی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەو دۆخە بوەستێت.

پشەوا هەورامانی لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا وتی، ئەو مامەڵەیەی ئێستا بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکات، تەوافوق و هاوبەشی و پابەندبوون بە دەستوور نییە و لەگەڵ هیچ ئایینك و پرەنیسپکی دیموکراسی و بنەمایەکی مرۆیی یەك ناگرێتەوە. دووپاتیشیکردەوە لە ئێستادا هیچ نیازکی ڕژد لە حکومەتی فیدڕاڵ بەدیناکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و ئەو مووچانەی کە ماوە حکومەتی فیدڕاڵ بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بینێرێت.

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رووندیکردەوە ئاگری جەنگی غەززە کاریگەری لەسەر هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەڵام هێرشی درێندی بۆ سەر فڕۆکەخانەی هەولێر لەلایەك پەیوەستە بەو شەڕە و بەشکیشی پەیوەستە بە رق و کینەی پشتری هەندێك لایەن بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوپەڕی تواناوە پارێزگاریان لە هەرێمی کوردستان کردووە.
گوتیشی، ئەو رق و کینەیەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەیە و ئەو عەقڵیەتەی بۆوای بە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان هەیە، هەمان عەقڵیەتە کە موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بڕیوە.

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دەوامی قوتابخانەکان لە هەندێك ناوچەی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات پێسەی خوێندن بە هیچ شێوەیەك نەوەستێت و پەکینەکەوێت، بەڵکوو ئارامی حکومەت بەرامبەر بە ستەمی بەغدا بەرامبەر بە موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان سنووردارە، بەتایبەت کە بڕین و نەناردنی موچەو شایستەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بووەتە هۆکاری وەرنەگرتنی موچەو شایستەکان لەلایەن مامۆستایان و فەرمانبەرانەوە و یارییەکی سیاسییە و بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەکرێت.

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێمای بۆ ئەوە کرد کە مامەڵەی حکومەتی فیدراڵ بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و موچەخۆران ستەمکارانەیە، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی هەموو داواکارییەکانی بەغدای داوەتەوە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە دۆسیەی نەوت و مەرزەکانەوە هەبووە، بەڵام رووندە لایەنی عێراق رێککەوتنەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان جێبەجێ نەکردووە. هەورامانی دووبارە سەرنجی بۆ ئەوە راکێشاوە ئارامگرتنی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە مامەڵەی بەغدا سنووردار دەبێت، بەتایبەت دوای ئەوەی سەرکۆماری ئێران مەسرور بارزانی بە نووسراوی فەرمی داوای لە حکومەتی فیدراڵی کردووە سێ موچەی دیکەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە قەرز بنێرێت، بەڵام ئەوان تا ئێستا وەڵامی فەرمی و جددیان نەبووە.

تایبەت بە هێرشەکانی بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئەمەریکا بەتایبەتی پێشەوا هەورامانی وتی، مادام هێرشەکان رووە و ئەوانە، دەشبێت خێیان چارەسەری ئەو بابەتە بکەن و خێیان و خەڵکی هەرێمی کوردستانیش تێدا زەرەرمەند نەبن.

پێشەوا هەورامانی لەبارەی داهاتی ناوخۆوە ڕوونیکردەوە، داهاتی مانگی یازدەی ئەم ساڵ 300 ملیار دینار بووە، بەڵام بەو مانایەی نا کە تەکڵەی پارەکە بەشوەی کاش لە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان بووبێت، بەڵکوو هەر لەم بڕە پارەیە حکومەت بەڵێوەدەبرێت، واتە ئەو پارەیە تایبەتە بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە تەندروستی، کارەبا، ئاو و شارەوانی و دەیان خزمەتگوزاری دیکەوە هەیە. گوتیشی، بەشوەیەکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 120 ملیار دیناری دەگاتە دەست، چونکە ئەو پارەیە لە بانکەکانە. جەختیشیکردەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەکڵا 320 ملیاری پێشکەش بە حکومەتی فیدڕاڵ کردووە، بەم ئەو 320 ملیاردە دەبیتە سێ بەش، بەشکی بۆ مووچەیە و بەشکیشی بۆ ئیدارەدانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بەشکیشی کاش نییە و تەنیا ژمارەیە.